وەربارەی ...

# حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

هەڤاڵ کوێستانی

ساڵی ١٩٨١

بەومرۆڤەی
کەخوێنی خۆی ..کردە شایەتی
پاکیەتی و دڵسۆزی خۆی
بەرامبەر بیروباوەڕە مەزنەکەی
بەرامبەر بەگەلەکەی..
بۆشەهیدی هێژاو نەمر
جەمالی عەلی باپیر
پێشکەش بێت...
٨

# چەند ووشەیەک ...

یەکێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە تا ئێستاش جێی مشت و مڕ و لێدوانی هەندێ لایەن و خەڵکی ترن .. ئەوەیە کە ئایا کرێکارانی کوردستان دەتوانن خاوەنی حزبی سەربەخۆی خۆیان بن .. یان .. نا ؟

ساغ کردنەوەی مەسەلەیەکی ئاوا، بەنیسبەت ئەوانەوە کە کرێکاران بەخاوەنی ئەو مافە نازانن .. یان ئەوانەش کە باوەڕ گومانن، هەروا بەئاسانی ئەنجام نادرێ .

ئەوەی ئێمەش لێرەدا، لە چەند لاپەرەیەکی کەمدا دەیخەینە ڕوو، لەکردنەوەی دەرگایەکی تری لێدوان و لێکۆڵینەوە بەولاوە هیچی تر نییە، بەو هیوایەش، بتوانین بەگوێرەی توانا و لەڕۆژنەی تیوری مارکسزم لینینزمەوە چەپکێ تیریژ بخەینە سەر مەسەلەیەکی ئاوا بایەخدار .. هەروا بەو نیازەشەوە هاریکاریەکی بچکۆلانە بێت لە زیاتر ساغ کردنەوەی ئەم ڕاستیەدا ........

ره‌ كۆمه‌ڵی نوێی كوردستان، له‌مندالدانی كۆمه‌ڵی به‌ره‌و فه‌وتان چووی و كلێس بووی ده‌ره‌به‌گایه‌تییه‌وه‌ سه‌ری هه‌ڵداوه‌ .. ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ نوێیه‌ كۆمه‌ڵێكی فره‌ چینه‌ و، وه‌ك هه‌ر كۆمه‌ڵێكی دیكه‌ی فره‌ چینی، بێ به‌ش نییه‌ له‌ چینین و به‌رژه‌وه‌ندی چینایه‌تی جیاجیا و، له‌ ئایدیۆلۆژیا و پێڵی چینایه‌تی دژ به‌یه‌ك .. مێژووی گه‌شه‌كردنی كۆمه‌ڵی كوردستانیش، وه‌ك مێژووی گه‌شه‌كردنی هه‌ر كۆمه‌ڵێكی تری سه‌ررووی ئه‌م زه‌مینه‌ (بریتییه‌ له‌ مێژووی خه‌باتی چینه‌كان)

به‌یه‌ له‌دایك بوونی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ نوێیه‌ی كوردستان، نه‌ك هه‌ر نه‌یتوانیوه‌ سنووری نێوان چینه‌كان بسڕێته‌وه‌ و ناكۆكییه‌ چینایه‌تییه‌كانی نێو كۆمه‌ڵ نه‌هێڵێ، به‌ڵكو به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ چینی نوێی له‌گه‌ڵ خۆیدا هێناوه‌ و كێشه‌ چینایه‌تییه‌كانی توند تر و قووڵ تر كردوه‌ته‌وه‌ و مه‌رجی نوێی چه‌وسانه‌وه‌ و شێوه‌ی نوێی خه‌باتی خستۆته‌ شوێنی مه‌رج و شێوه‌كانی پێشوو ..

كۆمه‌ڵی نوێی كوردستان .. دوو چینی نوێی جیاوازی به‌یه‌كه‌وه‌ به‌ستراوه‌ و دژ به‌یه‌كی له‌گه‌ڵ خۆیدا هێناوه‌ .. بۆرژوا و كرێكاران، دوو چینی دووانه‌ن له‌ مندالدانی كۆمه‌ڵی ده‌ره‌به‌گایه‌تییه‌وه‌ هاتوونه‌ته‌ كایه‌وه‌ .. هه‌روه‌ك چۆن به‌شێك له‌ بازرگان و خاوه‌ن مڵك و سه‌ره‌ك هۆز .. هتد، به‌ردی یه‌كه‌می بناغه‌ی چینی بۆرژوای كوردستان بوون .. ئاواش له‌به‌رامبه‌ردا، ژماره‌یه‌كی زۆرتر له‌ جووتیاران و كرێكاره‌ كشتوكاڵی و پیشه‌ییه‌ ده‌ستییه‌كان، ناوكی چینی

کرێکاری کوردستانیان پێک هێناوە .

ئیستا ئەوەی گومانی تیدا نیە، ئەوەیە کە چینی کریکاران لەکوردستاندا هەیە، هەر لەزور دەمیکیشەوە خەلکی غەیری کورد هەبون ، دانیان بەوەدا ناوە کە (چینی کریکاران ، چینیکی ساوان لەکوردستاندا .. نوێن لەدروست بوندا و بچووکیشن لەژمارەدا .. بەلام سەنگیکی سیاسی گەورەیان هەیە ...) .

ئەمە لەکاتیکا ، کە ئیستا کریکارانی کوردستان زور لەوکاتەوئەنەی تیا وتراوە، پەویان سەندووەو لە رووی چەندایەتی و چونایەتی یەوە بەرەو پیشەوە چوون و فراوان بون و سەنگی سیاسی و جەماوەری یان، زور لەجاران گەورەتربووەو ئاییندە و ئاقاری گەشەکردنیان لای جەماوەری زەحمەتکیشی کوردستان پتر روشن بوتەوە و بایەخ و رولیان لە خەباتی جەماوەری زەحمەتکیش ولەخەباتی میللی دا رەگی قوولتر و پتەوتر دا کوتاوە .

ئیستا رەنگە نەبی نکولی لە حەقیقەتی بوانا و بونی چینی کریکارانی کوردستان بکات .. بەلام رەنگە هەبن وا ببینن کە کریکارانی کوردستان چینیکی سەربەخو پیک ناهینن .. بەلکو وا دەبینن کە گوایە کریکارانی هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان ، بەشیک لە چینی کریکاری هەرکام لەو وولاتانە پیک دینن کەبەسەر کوردستانیان پیوە لکیندراوە نەک بەشیک لەتیکرای کریکارانی هەمو کوردستان بو ئەمەش ناچارین بەراوردیکی مارکسی - لینینی بانەی کریکارانی سەرجەم وولاتانی داگیرکەرو کریکارانی هەمو پارچەکانی کوردستان بکەین. ( بەلام بەهینەوەی ئەم بەراوردە پیچەوانەی ئەو راستیەیە بی کە کریکاران لە هەرشوینیک بن، ئەمان یارو بەرژەوەندی چینایەتی وەک یەک و هەر هەموشیان یەک دوژمنی هاوبەشیان هەیە).

یەکەم : لەرووی ئابورییەوە ..

دیارترین جیاوازی لەرووی ئابورییەوە ، لەوەدا دەردەکەوێ کە بەشێک لەکرێکارانی هەرکام لەو وولاتانە ، بەهەرڕادەیەک بێت ، کەلک لەو قازانج و دەستکەوتانە وەردەگرن کە بورژوای دەسەلاتداری وولاتەکەیان ، لەئەنجامی زەوتکردنی کوردستان و تالان کردنی سامان و خێروبێری کوردستان و روتاندنەوەی کرێکاران و باقی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستانا چنگیان دەکەوێ ..

ئەمە وادەکا ، ناوکێشەیەکی نابەرابەر لە نێوان کرێکارانی نەتەوە دەسەلاتدارەکان و لەنێوان کرێکارانی کوردستانا دروست ببێت .. لەوەدا ، گوزەرانیان خۆشترو ، ئاسانتر کاریان وەدەست دەکەوێ و ... هتد . هەروەها ژمارەی ئەو کرێکارانەش کە دەوڵەمەند دەبن و ئەوانەش کە دەچنە خانەی کرێکاوە ئورستۆکراتیەکانەوە ، زۆر زیاترە .. بێگومان ئەمە لەئاکامی ئەوەوە دێ ، کە کرێکارانی ئەو وولاتانە ، بیانەوێ و نەیانەوێ ، تاهەرئەندازەیەکیش بێ ، بەشداری کاری بورژواکانیانن لەروتاندنەوەی کرێکاران و تێکرای جەماوەری گەلی کوردستاندا .. هەروەک لینین وتویە ( ئەمە واقیعەکە کرێکارانی نەتەوەی چەوسێنەر ، تا ئەندازەیەک بەشداری بورژواکانیان دەکەن لەکاری تالان کردنی کرێکاران و زۆربەی دانیشتوانی نەتەوەی چەوساوەدا ) .

لەبەرامبەر ئەمەشدا .. کرێکارانی کوردستان - گەرچی لەکوردستانا کارگەو پیشەسازی کەمیشیان هەیە کەکاری تێدا بکەن - بەڵام لەئەنجامی باری قورسی چەوسانەوەی زیاتری سەرشانیان و پتر تێک چوون و ناخۆش بونی گوزەرانیان لەلایەکەوە هەروا ناخۆش بوون و تێک چوونی باری ژیان و گوزەرانی جوتیاران و وردە بورژواو هاتنە

ریزی بەشێك لەوانە بۆ ناو چینی کرێکاران لەلایەکی ترەوە .. وا دەکا کەتاکو بێ، بە رادەیەکی زۆرتر و خێراتر ژمارەی کرێکاران پتربێ و بەبەرفراوانیەکی زیاتـــــرەوە گەشــە بکەن .

دووەم : لە روی سیاسیەوە ـ.

کرێکارانی نەتەوە سەردەستەکان ، بەحوکمی ئەوەی لەروی نەتەوایەتیــــیەوە ناچەوسێنەوە : لەچاو کرێکارانی کوردستانەوە دا ( جگە لەوانەی بوون بـــــە ئەلقە لەگوێ و نۆکەری رژێمەکان ) وەزعێکی لەروی سیاسیەوە جیاو باشتریان هەیە ، بەرادەیەك ئەوەندەی کرێکارانی کوردستان . بەتەنگ گۆڕینی وەزعەکەوە نـــەبن ، بەواتایەکی دی بارو دۆخێکی سستترو شۆڕشگێرانەی کەمتر ئابلوقەیان دەدا ..

لە بەرامبەر ئەمەشدا کرێکارانی کوردستان .. لەروی سیاسیەوە، دووچـــاری چەوسانەوەیەکی قورستر هاتون و .. چەوسانەوەی نەتەوایەتیەکەش ئاوێتەی چەوسانەوە چینایەتیەکـە بووەو ئەوەندەی تر باری چەوسانەوەکی سەرشانیانی گران کردووە .

بۆیە ئەم بارە پڕ لەچەوسانەوەیە ، وا لە کرێکارانی کوردستان دەکات کە زیاتـر لە کرێکارانی نەتەوە سەردەستەکان ، بەتەنگ گۆڕینی وەزعەکەیانەوەبن و رادەی شۆر ـــ شگێڕیەتیان زیاتر بێ و خۆنەویستانەتر خەباتـی چـینایەتـی و نەتـەوایـەتیـــی خۆیان درێژە پێ بدەن .

سێ یــەم : لەروی فیکریــەوە ..

کرێکارانی هەرکام لەو نەتەوانە ، چ لەماڵەوەو چ لەکارگــەو چ لە شــوێنەکانی تریشدا ، زیاتر بەگیانی شۆفینی و رق لێ بونەوە بەرامبەر بەکرێکاران و تێکـــرای گەلی کوردستان پەروەردە دەکرێن ئەوەش زیاتر بۆ بالادەستی فەرهەنگ و

گەلی کوردستان پەروەردە دەکرێن.. ئەمەیش زیاتر بۆ بالادەستی فەرهەنگ و ئایدیولۆژیای بورژواو گیانی شۆڤینی بورژوای زاڵ بەسەر کریکاراندا دەگەڕێتەوە.

بورژوا هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا، کریکارانی وولاتەکەی خۆی فێرکات رقیان لە کریکارانی کوردستان ببێتەوە بەو حسابەی کەگوایە کریکارانی کوردستان لەکارکردنا موناقەسەیان دەکەن.. هەروا بەو حسابەش کە گوایە کریکارانی کوردستان لەگەڵ گەلەکەیاندا.. جودا خوازن و دەیانەوێت کوردستان لە دەولەتی ئەوان بپچڕێنن و ئەو روباری خێرو بەروبوم و سامانە وشک کەن، کە دەرێژێتە گیرفانی خۆشگوزەرانی و تواناکانی ئەوانەوە.. بێ گومان ئەوان وای لێک دەدەنەوە کەبەمە ژیان و گوزەرانیان تێک دەچێ و ئاستی ژیانیان دێتە خوارەوە.

هەروەها زاڵ بوونی راو بۆچون و رەفتاری دینی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیش بەتایبەتی لای کریکارە نا هوشیارەکان، تا ئەندازەیەک کاری خۆی دەکات..

لەبەرامبەر ئەمەشدا.. زوڵم و ستەمی چەندین ساڵەی بورژوای دەولەتە داگیرکەرانە.. بۆ سەر گەلی ژێر دەستەی کوردستان، نەک تەنهار رق لە دڵی خەلکی زەحمەت کێشی کوردستاندا جێ هێشتووە، بەڵکو وەک لینین دەڵێ ( دڵتەنگی لەو نەتەوە زۆردارانە بەگشتی و تەنانەت لە پرولیتاریای ئەو نەتەوانەش کردووە... ).

× × ×

ئەوەی لەم بەراوردەکەمەدا دەردەکەوێ.. ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی کریکارانی کوردستان جیاوازیەکی دیارو ئاشکرا لەواقیعی بابەتیاندا هەیە.. کەدەیانکات بەخاوەنی کاریکتەرو تایبەتمەندیتی

هاوبەشی هەیە و . یەکێتی یەکی قووڵ و پتەویش ، سنوورە دەستکردەکانی سڕیوەتەوە، بۆیە ، لەکاتێکدا هەرکام لەو دەوڵەتانە ویستبێتی ، نەخشەو پلانی خامۆش کردنی گڕی ڕاپەڕینی هەلایساوی ناو پارچەکەی سەربەخۆی جێ بە جێ بکا ، ئەوا بێ سێ و دوو پارچەکانی تریشی لەبەرچاو گرتووەو خستوونیەتە ناو چوار چێوەی نەخشەو پلانەکانیەوە. لە مێژوودا ، هەر لەکۆنەوە تا ئێستا ، ئەگەر ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لەپارچەیەکدا بەرپا بوبێت و ڕاستەوخۆ ڕوبەڕووی ئەو دەوڵەتە بوبێتەوە کە ئەم پارچەیەی پێوە لکێنراوە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تر ، هەروا دەستەوەستان ڕانەوەستاون و لەدوورەوە سەیری ئەو ڕاپەڕینەیان نەکردووە .. بەڵکو هەر هەموان ئەو ڕاپەڕینەیان بە هی خۆیان زانیوە و نەخشەو پیلانی پێویستیان لەبەر چاو گرتووە . لاکردنەوەش لە ڕێکەوتننە جیاجیاکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە ، هەر لە دابەش کردنی کوردستانەوە تا ئێستا . ئەم ڕاستیە پتر ڕوشن دەکاتەوە ....

بێگومان ، هەر ئەو بارو بۆخە سیاسیە تایبەت و هاوبەشەی کە ئەنجامی ئەو چەوسانەوە نەتەوایەتییەوە هاتوتە کایەوە ، کە بورژوای هەرکام لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بەسەر گەلی کوردا سەپاندویانە ، بارو دۆخێکی سیاسی تایبەت و هاوبەشیشی بۆ کرێکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان دروست کردووە، بە چەشنێ ئەرك و فرمانە ڕاسپێرییەکانی سەرشانی هەموویانی کردووە بەیەك و خستوونیەتە بەردەم دوو ئەرکی گرنگ و بایەخ دار ە..

لەلایەکەوە: بەرز کردنەوەی ئاڵای زگاری نیشتمانی و خەبات کردن لە پێناوی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی تەواو بۆ گەلی کوردستان و زامن کردنی خەسڵەتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان ، لەناو هەناوی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەدا بەپێی ئاسایی



هەواڵنامەی کتێب

سەرگردایەتی کردنی شۆرش و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی تەواوی کرێکارانی کوردستاندا .

لەلایەکی تریشەوە بەشداریکردنێکی ئینتەرناسیونالیستانەو کاریگەرانەی خەباتی هێزە سۆسیالیست و دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی دەوڵەتە مەرکەزییەکان بۆ رووخاندنی رژێمە بۆرژوا و کۆنەپەرستەکانی ئەو دەوڵەتانە و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتی کرێکاران ، لەهەرکام لەو دەوڵەتانەدا . .

بەم چەشنە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی مەرجە مێژووییەکان و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی یەکانی مەسەلەی گەلی کوردستان ، لەروژهەلاتی ناوەراستدا و پەیداچوونەوەیەکی وورد و قووڵ بەمێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی چینی کرێکارانی کوردستان ، ئەوە یەک لا دەکاتەوە کە پێناغەیەکی بابەتی و مێژووی هاوبەش کرێکارانی تێکرای پارچەکانی کوردستانی کۆکردوتەوە و کردوونی بە چینێکی تایبەت وسەربەخۆی خاوەن کارێکتێر و هەڵوێستی هاوبەش و ئەرک و فەرمانی وەک یەک ، بارودۆخی چوون یەکی باری سیاسی و ئابووری و فیکری و . . . هتد . . هەروا بارودۆخێکی بابەتی هاوبەش ، پێکی هێناون و بەیەک ئاقاری گەشەکردنی تایبەتیدا ، بەرەو پێشەوەیان دەبات . . هەروەها سیفاتی هاوبەشی بەرژەوەندیە چینایەتی و کۆمەلایەتیەکان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی هاوبەشی لەداگیرکەران و ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان توندتر بەیەکەوە گرێی داون . . . . .

سەرەرای یەکیتی ئامانج و خەبات ، بەئاقاری گەشەپێدانی خەباتی چینایەتی ونیشتمانی و ، یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی لە کوردستاندا .

سەربەخۆ و جیا لە کرێکارانی سەرجەمی دەوڵەتە مەرکەزییەکان .. ئەوە سەیرێکی ئەوەی کە بارودۆخی بابەتی پێکهاتن و دروست بوون و ئاقاری گەشەکردنی کرێکارانی کوردستان و بوونی بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی بە ئاقاری گەشەکردنی مێژوو ، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و ، پێویستی رۆڵبینینی کرێکاران لەم بزووتنەوەیەدا ، ئەوەندەی تر بارودۆخی کرێکارانی کوردستانی لە بارودۆخی کرێکارانی ئەو دەوڵەتانە جیا کردۆتەوە و هەریەکێکیشیانی کردووە بە خاوەنی ئەرک و راسپێری جیا لەوی تر بەرابەیەت کە کرێکارانی کوردستان لە هەر پارچەیەکدا . بەشێک نەبن لە تێکڕای کرێکارانی هەرکام لەو دەوڵەتانە ...

بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئەم بۆچوونە هەڵە و چەوتەی لای ئەوانە جێگیر کردووە ، تا ئەندازەیەکی زۆر ، دەگەڕێتەوە بۆ پاشکۆیی بوونی ئابووری کوردستان .. لە هەر پارچەیەکیدا ، بۆ ئابووری دەوڵەتە مەرکەزییەکان .. ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا رادەی گەشەکردنی باری ئابووری جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە ، لەم ئەوەندەش هەیە نەیتوانیوە کار بکاتە سەر رۆکیاری گشتی باری ئابووری کوردستان .. خۆ ئەگەر کاریش بکات و رۆکاری گشتییش بشێوێنێ . هێشتا هیچ پارچەیەکی کوردستان . تایبەتە بەشێک لە تێکڕای هیچ کام لەو دەوڵەتانە ..

بۆچی . ئەگەر یەکێک لە سیفەتەکانی کۆلۆنیالیزم ئەوە نییە ، کە هێزی بەرهەمهێنانی وڵاتی کۆلۆنی بەخۆیەوە گرێ دەدات و بیخاتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی هێزی بەرهەمهێنانی بورژوای وڵاتی خۆیەوە .. بەڵام دیارە ... کە ئەم گرێدانەو بەستنەوەیە ، هیچ کاتێ ، وڵاتی کۆلۆنی ناکات ، بە بەشێک لە وڵاتی

کۆلۆنیالی ، ئینجا بائەو وولاتە کۆلۆنییە ، دوای رزگار بوونیشی هەر هێشتا لەرووی ئابووری یەوە ، هەر پاشکۆی وولاتە کۆلۆنیالەکە بێت .. وەك چۆن ئێستا زۆر لەو وولاتانەی لەرووی سیاسیەوە ، سەربەخۆن ، لەرووی ئابوورییەوە هەر پاشکۆی وولاتانی ترن ..

کوردستانی ئیمەش ، رەنگە دوای ئەوەی سەربەخۆیی خۆشی بەدەست دێنی دوور نیە ماوەیەکی زۆریش ئەو پاشکۆیی بوونەی لایەنی ئابووری هەر بمێنێ بەواتایەکی دی ، سەربەخۆیی هەر وولاتێك ، لە وولاتان ، لایەنی سیاسی دەگرێتەوەو سەربەخۆییەکی سیاسیەو مەرج نیە لەهەمان کاتا ، لایەنی ئابووریش بگرێتەوە .، وەك چۆن مافی بریاردانی چارەنووسیش ، تەنها سیاسەت دەگرێتەوە و هێنانە پێشەوەی مەسەلەی بەجێ نەگەیاندنی ئەم مافە لەرووی ئابوورییەوە ، بەکارێکی هەڵەو ناراست لەقەڵەم دەدرێت .

بۆیە پاشکۆیی بوونی کوردستان ، لەرووی ئابووری یەوە ، نەدەتوانی یەکێتی خەبات و تێکۆشانی و داخوازی هاوبەشی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان تێکبدات و هەڵی وەشێنێتەوە . نەهیچ پارچەیەکی کوردستانیش دەکات بەبەشێك لەو دەولەتە مەرکەزییەکان .

ئەو دۆخە سیاسیە بابەتی و هاوبەشەی کەلەکوردستاندا هەیە ، دۆخێکی سیاسی تایبەت و جیایە لەو دۆخە سیاسیەی کەلەدەولەتە مەرکەزیەکانیدا هەیە. دۆخێکە توندتر هەموو پارچەکانی کوردستانی بەیەکەوە بەستوتەوەو لەیەك ( کل ) دا کۆی کردوتەوە .... تەنانەت دەولەتە داگیرکەرەکانیش ، باش دەرکیان بەم راستیە کردووەو تەواو لایان روونە ، کەکوردستان ، تێکرا بارودۆخێکی سیاسی

بێگومان، بوونی جیاوازی دیارو ئاشکرا لەنێوان کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی دەوڵەتە مەرکەزی یەکان دا ، لەلایەکەوەو ئامانج و تایبەتمەندی هاوبەش و چوون یەکی نێوان کرێکارانی هەمو پارچەکانی کوردستان لەلایەکی ترەوە ، جارێکی تر ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە کە کرێکارانی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ، بەهیچ جۆرێ بەشێك لە تێکرای کرێکارانی هیچ کام لەو دەوڵەتانە پێك ناهێنێت ، بەڵکو کرێکارانی هەر پارچەیەك لەپارچەکانی کوردستان بەشێك لە تێکرای کرێکارانی کوردستانی دایك پێك دێنن .

هەر بەو پێ یەش . . . کە کرێکارانی هەر (کل) ێك مافی ئەوەیان هەیە حزبێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروست بکەن . بەهەمان شێوە ، کرێکارانی کوردستانیش کە یەك (کل) پێك دێنن . هەقی دروستکردنی حزبی سەربەخۆی خۆیان هەیە ...

مەسەلەیەکی تریش کە ئەو مافە زیاتر بە کرێکاری کوردستان رەوا دەبینێ ، مەسەلەی سەربەستی پرولیتاریای نەتەوەکانە لەبریاردانی چارەنوسی خۆیاندا . . .

لینین دەلێ ( ئەوەی پێش هەموو شتێك وله هەموو شتێك زیاتر بەلای ئێمەوە گرنگە ، لەمەسەلەی سەربەستی نەتەوەکان لەبریاردانی چارەنووسی خۆیاندا ، هەر وەك لە هەموو مەسەلەیەکی تردا ، سەربەستی پرولیتاریای ئەو نەتەوانەیە لەبریاردانی چارەنوسی خۆیاندا ).

مەگەر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کەپرولیتاریای کوردستانیش سەربەستی ئەوەی

هەیە ، خۆی بریار لەسەر چارەنوسی خۆی بدا ، نەك لایەنی تر ...

باشە ئەگەر پرولیتاریای کوردستان .. مافی بریاردانی چارەنوسی خۆی هەبی .. چون ماف و سەربەستی دروستکردنی حزبی سەربەخۆی خۆی نابی ؟ ... یان ئەگەر پرولیتاریا حزبی خۆی نەبی ، چون و لە چ ریگایەکەوە بریار لەسەر چارەنوسی خۆی دەدا ؟ !...

خو حزب ئامانج نیە .. بەلکو ، تەنها ئامرازیکە بو هینانەدی هەندێ ئامانجی دیاری کراو ... مافی بریاردانی چارەنوسیش وەك یەکێ لەو ئامانجانە ...

بویە بە دلنیاییەوە ، ئەم مافە سەربەستی تەواو دەدا ..... بە پرولیتاریای کوردستان ، بو دروستکردنی حزبێکی پرولیتاریای سەربەخو.

ئیمە لەکاتیکدا کە باسی ئەوەمان کرد ، کە کوردستان ، بە هەموو پارچەکانیەوە ، هەروەها کریکارانیشی ، یەك (کل) پیك دینن ... ئەوە عین کاتی لەگەل ئەوەدا ناکوك نیە کە گەلی کوردستان .. گەلیکی ژیر دەستەو زولم لی کراوە و وولاتەکەشی بە پیی بارو بوخی دابەشکردن ، پارچە پارچە کراوەو .. هەر پارچەیەکیشی بەزورو بی ویستی گەلی کوردستان بە دەولەتیکی داگیرکەرەوە لکینراوە ..

لەبەرئەوە هەرگیز ئەو پارچە پارچە کردن و بە زور لکاندنە نەیتوانیوە گشتی یەتی (عومیە) ی کوردستان لە تایبەتیەتی ( خصوصیاتم ) دا بقوم کات و نەیهیلی و هەمیشە گشتی لە تایبەتیدا هەیەو دەبی . بەواتایەکی تر کاریگێرە گشتیەکانی تیکرای کوردستان ، بەردەوام ، لە کاریگێرە تایبەتیەکانی هەر پارچەیەکدا ،

هەبووموو دەبێ .

خۆ بارودۆخی پۆلۆنیای سەردەمی لینینیش ، لەڕووی سیاسی یەوە ، زۆر لە بارودۆخی کوردستانی ئێمە دەچێ .. پۆلۆنیاش ، لە نێوان ڕوسیاو ئەڵمانیاو نەمسادا ، دابەش کرابوو . گەلی پۆلۆنیاش لە هەرسێ پارچەکەدا ، وەکو گەلێکی ژێر دەستە دەژیا ، لەوێش بزوتنەوەی میللی .. بۆ ئازادی و سەربەخۆیی پۆلۆنیا لە گوڕێدا بوو ..

. . بۆیە دەبێ و پێویستە ، هەڵوێستی لینین ، لەوبارو زروفەی ئەومادا ، لە سەر پۆلۆنیا لەبەرچاو بگیرێ . هەرگیز بارودۆخی تایبەتی ئەوکاتەی پۆلۆنیا . بار و دۆخی پارچە پارچە کردن و بەزۆر لکاندن ، وای لە لینین نەکرد بڵێ ، پۆلۆنیای ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا ، بەشێکە لە ڕوسیاو کرێکارانی ئەم بەشەش بەشێکن لە کرێکارانی ڕوسیا .

سەبارەت بە دوو پارچەکەی تریش ، هەروا .. نە پارچەکەی سەر بە ئەڵمانیا بە بەشێک لە ئەڵمانیا لە قەڵەم دراو . . . نە پارچەکەی سەر بە نەمسا ش .

کرێکارانی هیچ پارچەیەکیش بە بەشێک لە کرێکارانی هەرکام لەو دەوڵەتانە حساب نەکران .

لینین بڕوای وابوو کە پۆلۆنیا ، گەرچی بەهۆی بارو زروفی تایبەتی یەوە پارچە پارچە کراوە و بێ خواستی گەلەکەشی .. هەر پارچەیەکیشی بە زۆر خراوەتە سەر دەوڵەتێکی داگیرکەر ، بەڵام پۆلۆنیا بە هەر سێ پارچەکەیەوە یەک (کل) پێک دێنن و کرێکارانی هەر (کل) یەکیش مافی دروستکردنی حزبی خۆیان هەیە



خستنە سەر نێت: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

بڕوای وابوو کە ( کرێکارانی هەر وولاتێک کە بارودۆخێکی سیاسی وەک یەکی هەبێ مافی ئەوەیان هەیە کە حزبێکی سەربەخۆی کرێکاران بۆ خۆیان دروست کەن).

هەر بۆیەش کاتێک مارکسیەکانی پۆلۆنیا بە ئەرکی دامەزراندنی حزبێکی مارکسی سەربەخۆی پۆلۆنیا هەستان، لینین نەک هەر بەم کارو دەست پێشکەری یە نارازی نەبوو.. بەڵکو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و پیرۆزبایی گەرمیشی لێ کردن. ئەوەتا دەڵێ ( چاکەیەکی مێژوویی مەزن کە بۆ سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا دەگەڕێتەوە ، ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار حزبێکی مارکسی راستەقینە .........
پرۆلیتاریانەی راستەقینەیان لە پۆلۆنیای پڕ لە ناکۆکی و ئارەزوی دەمارگیری نەتەوایەتی هێنایە کایەوە..).

ئاوا ، لینین ، تەواوی مافی بە سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا دا ؛(کە حزبێکی پرۆلیتاری راستەقینەیان بۆ یەکەم جار لە پۆلۆنیادا ، دروست کرد). لینین باش ئەو راستیەی دەزانی کە یەکێتی و هاوخەباتی نێوان پرۆلیتاریای پۆلۆنی و پرۆلیتاریای هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکە بە دروست بوونی ئەو حزبە نەک هەر لەت لەت نابێت ( وەک هەندێ لایەنی سوسیال ـ شۆڤێنیست رایان دەگەیاند .) ، بە پێچەوانەوە بەڵکو دروست بوونی ئەو حزبە سەربەخۆیەی پرۆلیتاریای پۆلۆنی ، بە بنچینەی سروشتی دەزانی بۆ گەشە پێدان و پتەو کردنی هاوکاری و هاوخەباتی و یەکێتی نێوانیان .

لینین هەمیشە تەئکیدی دەکردەوە سەر ئەوەی کە ( دەبێ پرۆلیتاریای هەر وولاتێک ، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و هاوکاری چینایەتیش لەگەڵ پرۆلیتاریای وولاتانی تردا بکات ...).

ئاشکراشە کە پاراستنی سەربەخۆیی پرۆلیتاریای هەر وولاتێك و هاوکاری چینایەتیش لەگەڵ پرۆلیتاریای وولاتانی تردا بەبێ بوونی حزبێکی پرۆلیتاری سەربەخۆ کارێکی محالە .. ئەم ڕاستییە بەنیسبەت کرێکارانی کوردستانیشەوە هەمان ڕاستیە ... کرێکارانی کوردستانیش بەبێ بوونی حزبێکی سەربەخۆ ، نەدەتوانن سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بکەن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن .. نەدەشتوانن دوای سەرکەوتن سەربەخۆیی کوردستان بپارێزن .. هەروەها ناشتوانن هاوکاری و هاوپەیمانیەتی چینایەتیش لەگەڵ پرۆلیتاریای وولاتانی تردا بەرەو پێشەوە بەرن .

کرێکارانی کوردستان کەی بوون بە خاوەنی ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆیان . ئەو کاتە دەتوانن . لەڕێگای ڕێکخستنەکەیانەوە باشتر پەرە بە خەباتی چینایەتی خۆیان بدەن و هاوکاری و هاوپەیمانیەتی چینایەتیش لەگەڵ وولاتانی تردا بپارێزن و .. بەپێی باری چوون یەکی کرێکارانی هەموو وولاتان و .. بەپێی بەرژەوەندیە چینایەتیە چوون یەکەکانیان و .. دوژمنە هاوبەشەکانیان . یەکێتی و هاوخەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن و بەتوندیش بەگژ هاوپەیمانیەتی و برایەتی بۆرژوای نەتەوە جیا جیاکان و سەرمایەداری دنیادا بچنەوە و .. لە بەرامبەریدا ، هاوپەیمانیتی و برایەتی کرێکارانی هەموو وولاتان و گەلە زۆر لێکراوەکانی دنیا پەرە پێ بدەن و بەو پەڕی ئەمانەت و دڵسۆزییەوە دروشمی ( ئەی کرێکاران و گەلانی زۆر لێکراوی دنیا یەکگرن ) بەرزتر کەنەوە .

× × ×

ئیستا ، ئەوە قسەی لەسەر نیە کە حزبی کریکاران لە هەر وولاتیکدا . لەدایك بووی بارودۆخ و پیداویستی بابەتیی گەشەکردنی چینی کریکارانەو ، دەربری بزوتنەوە شۆرشگیرانەکەیانە . . . بەلام ئەوەی لە کوردستانی ئیمەدا . لەدایك بونی ئەو حزبە پیویستتر و خیراتر دەکا .. بوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ( کە کاریکتیری یەکە یەکی سیاسی وەك یەکی داوە بە هەموو پارچەکانی کوردستان ) و سەرهەلدانی ناکوکیە چینایەتیەکانی ناو ئەو بزوتنەوەیە .

ئەوەی کە تا ئیستا سەبارەت بەم بزوتنەوەیە ، هیچ لایەنیکی سیاسی پیشکەوتنخواز نکوڵی لێ نەکردووە .. ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە ، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ، بزوتنەوەیەکی رەوای بابەتی و میژوو کردەو ، تیکرا ناوەروکیکی دیموکراتیانەو پیشکەوتنخوازانەی هەیەو ، دەربری خواستو ئاواتەکانی گەلی کوردستانە بو رزگاریو یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و یەکیتی نەتەوەیی .. هەروەها دۆست و هاوپەیمانیکی پتەوی خەباتی چینی کریکارو جەماوەری گەل و تیکرای هیزە دیموکرات و پیشکەوتنخوازەکانی وولاتانی روژهەلاتی ناوەراست و بزوتنەوەی سوسیالیستی جیهانە .. لە دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و لە پیناوی دیموکراسی و هەنگاونان بەرەو سوسیالیزم .

بزوتنەوەیە کە سەرهەلدانی .. بەر پەرچ دانەوەیەکی بابەتیانە و پر بە پیستی واقیعی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستانە ... سەرهەلدانی رەنگدانەوەی پیویستیەکانی گوران و گەشەکردنی کومەلی کوردستانە ... ئیمپریالیزم و کونەپەرستان و داگیرکەران بەهەمو هیزو دەسەلاتیکیانەوە ، نەیانتوانیوە و ناتوانن لەناوی بەرن .. تا ئامانجەکانیشی لە رزگاری و سەربەخویی

کوردستاندا نەهینیتە دی .. هیچ هیزو دەسەلاتیک ناتوانیت رەتی کاتەوە . جا کات زور بخایەنی یان کەم .. توشی چەندین هەرەسهینان و تیشکان ببی یان .. نا .

بزوتنەوەیە کە لە واقیع دا هەیەو . وەك پیویستیەکی بابەتی و مێژویی گوران و بەرەو پیشەوە چونی کومەلی کوردستان هاتوتە گوری و ، لەگەل تەیاری بەرەو پیشەوە چووی میژووش دا .. کومەلی کوردستان .. لە پیناوی وەدەست هینانی سەربەستی و سەربەخویی دا .. لەپیناوی لەناو بردنی زولم و ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتیدا . بەرەو پیشەوە دەبا ....

بزوتنەوەیە کە یاسای تایبەتی گوران و گەشەکردنی خوی هەیە ، بەك چون یاسا گشتیەکانی گوران و گەشەکردن کاری تی دەکەن .. ئاواش یاسا تایبەتیەکان کاری تی دەکەن و دەیجولینن ....

بزوتنەوەیە کە پیویستی بەریکخستنیك هەیە . کەبتوانی بەرنامەو ستراتیجی پیویستی بودانی و بەپیی بەیەکەوە گونجانتنی یاسا گشتی و تایبەتیەکان بەرەو پیشەوە و بەرەو سەرکەوتنی بەری ... ئینجا لیرەدا . دوو بوچوون . دوو هەلویستی جیا بو چونیەتی ریکخستن و رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەکە دینە گوری ...

هەن .. تا ئیستاش وا بیر دەکەنەوە ، کە گوایە سەرکەوتنی بزوتنەوەکەو وەدەست هینانی سەربەخویی کوردستان .. بەو حزبە پرولیتاریانە ئەنجام دەدری کە لە چوار چیوەی دەولەتە مەرکەزی یەکاندا کار دەکەن ... بەلام میژووی بزوتنەوەکەو تاقیکردنەوەی خەباتی سالانی رابوردوو .. هەروەها بەسەرهاتو رولی ئەو حزبانە ، هەر هەمویان ، ئیسپاتیان کردووە کە نەك هەر ناتوانن

سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بکەن و ریکی بخەن .. بەلکو زور جاری وا هەبووە لیبیی دوورە پەریز وەستاون و، بەشداریان تیدا نەکردووە ، ئەوەندەی بەشداریان کردبی یان بیکەن ، لە کومەك و پشتگیری و پشتیوانی کردنی بزوتنەوەکە بەولاوە هیچی تیان بو نەکراوە و بو شیان ناکری ... خو سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکە ، لەلایەن ئەو حزبانەوە ، ئەوە هەر دەم کاریکی محال بووە و ، هەمیشە محالیش دەبی ..

مارکسیش ، لە پەنجاکانی سەدەی پیشوودا هەمان بوچوونی سەبارەت بە مەسەلەی ئیرلەندا هەبو .. ئەویش لە سەرەتادا وای بیر دەکردەوە کە بزوتنەوەی چینی کریکاران لە ناو جەرگەی نەتەوەی چەوسینەردا ( ئینگلیز ) . دەتوانی ئیرلەندا رزگار کات ، نەك بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی ناو جەرگەی نەتەوەی چەوساوە ( ئیرلەندی ) .

مارکس لە هەوەلدا .. بایەخیکی ئەوتوی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی نەدەداو ، تەنها سەرکەوتنی چینی کریکاری ناو نەتەوەی چەوسینەری بە زامن کەری رزگار بونی نەتەوە چەوساوەکان دەزانی .. بەلام گورانی بارو دوخ و .. پیداچونەوەی وردی مارکس بە میژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی ئیرلەندیدا .. بیر کردنەوە کونەکەی مارکسی بە گوشەیەکی ( ١٨٠ )° پلەکی هەلگیرایەوەو لە سالی ١٨٦٧ دا لە نامەیەکدا کە بو ئەنگلسی نوسیوە ، قەناعەتی تەواوی خوی لەسەر ئەوە ساغ کردوتەوە کە ئەوەی ئیرلەندا رزگار دەکات ، کریکارانی ئینگلیز نین .. بەلکو ( ئەو بزوتنەوەیە یە کە جەماوەری مللی ئیرلەندی پیی هەلدەستن ) بەلام ( بەیارمەتی چینی کریکاری ئینگلیز ) ...

هاوری فەهدیش ، لە ژمارەی نیسانی سالی ١٩٤٥ ی روژنامەی ـ القاعدة ـ دا لە وتاریکدا . . رولەکانی گەلی کوردستان ئاگادار ئەکاتەوەو ئەنووسی ( مەسەلەی گەلەکەتان ، ئەمانەتیکەو لە ئەستوی ئیوەدایە . . دەسا ئەرکی سەر شانی خوتان بەرامبەر بەو گەلەتان کە ئیوەی بەرهەم هیناوە ، بەجیٚ بگەیەنن ، بەرەو ئەو ریبازەی بەرن کە لەم واقیعە ناخوشەی تییدایە رزگاری کات ) .

لەبەر روشنایی ئەم چەند رستەیەو . . واقیعی بزوتنەوەکەش خویدا . . گومان لەوەدا نامینی کە ئەو هیزەی بە ئەرکی رزگارکردنی کوردستان هەلدەستی و سەرکردایەتی بزوتنەوەکەش دەخاتە ژیر دەستی خویەوە . . کریکارانی هیی کام لە وولاتە داگیرکەرەکان نین . . بەلکو ئەو ریکخستنەیە کە لەناو بارودوخی کوردستان داو لەناو مەرجە تایبەتیەکانی کوردستانیکی ژیر دەستەو دابەشکراودا دیتە کایەوە . . لە لایەن جەماوەری زەحمەتکیشی کوردستانەوە . . لە لایەن کریکاران و هیزە چەپەکانی تری وولاتە داگیرکەرەکانەوە پشتیوانی لی دەکری . .

تاقی کردنەوە دەری خستووە کە تەنها ریکخراویکی کوردستانی دەتوانی رولی مەزن و گرنگ ببینی و گەلی لەو سەرچاوە شورشگیریە زورەی مەسەلەی کوردستان وەرگری و ببیتە جی ی متمانەو باوەرو خوشەویستی کومەلانی خەلکی کوردستان و . . ببیتە خاوەنی ئیمکانیات و توانایەکی بایەخداری لەبن نەهاتوو

دەری خستووە کە تەنها ریکخراویکی کوردستانی دەتوانی نوینەرایەتی گەلی کوردستان بکات و ئاسان تر لە لایەن هەموو ئازادیخوازو دیموکرات و هیزە چەپ و سوسیالیستەکانەوە یارمەتی بدری و پشتیوانی تەواویشی لی بکری .

گومان لەوەدا نی یە .. کە ئەرکی سەرشانی ئەو ولاتە داگیرکەرەکان بەرامبەر بەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان .. ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردن نی یە .. هەلبژاردنی ڕێگای گەشەکردن و بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان نی یە .. بەلکو یارمەتی دان و پشتیوانی و پشتگیری گەلی کوردستانە .. لە بڕیاردانی چارەنووس و لە هەلبژاردنی ڕێگای گەشەکردنی کومەلایەتی خویدا .

ئەوەی لەئەستوی ئەوانەدایە .. خویان لە هەموو پەلەیەکی گیانی شوفینی و نەتەوە پەرستی ڕزگار کەن و ، مەسەلەی برایەتیان لەگەل کرێکاران و گەلی کوردستاندا بخەنە سەرووی حەزو ئاخوازییەکانی بورژوای وولاتەکانی خویانەوە .. بەرپرسیارن لەوەی لە هەموو کاتێکدا ، لەکاتی شەڕو ئاشتیدا .. بێ هیچ قەیدو شەرتێک ، بو سەربەستی و مافی جیابوونەوەی گەلی ژێردەستەی کوردستان هەوڵ دەن ...

ئەوانەش کە دژی سەربەخویی کوردستان دەوەستنەوە ، جا بەبیانووی ئەوەوە بێت کە گوایا سەربەخویی کوردستان ، لەم ڕوژگارەی ئێمرودا ، ئیمکانی وەدی هێنانی نی یە .. یان بەبیانووی ئەوەی کە گوایا پشتگیری کردنە لە دەمارگیری نەتەوەیی بورژوای کوردستان .. یان بە هەر بیانوویەکی ترەوە بێ ... پێ بزانن ، یان نەزانن ، خزمەتی گیانی شوفینی و نەتەوە پەرستی بورژوای خویان دەکەن و . لە بیر خویانی دەبەنەوە کە ئەمەیان زور لەو گیانی دەمارگیرییە نەتەوەیی یەی نەلەناو گەلی کوردستاندا هەیە خەتەرترە .

لینین دەلی ( دەبی پەروەردەکردنی ئینتەرناسیونالستی کرێکاران ...

لە ولاتە زوردارە چەوسێنەرەکاندا لەسەر ئەو نوختەیە بێ ، لە سەربەستی ووڵاتە زوردلێکراوە چەوساوەکان ـ لەجیابوونەوەدا ـ رابکێشێن و پشتیری لێبوو سەربەستیە بکەن . . بەبێ ئەمە ، ئنتێرناسیونالیستی نییەو هەر بە سوسیال دیموکراتیش لە نەتەوەی زوردارا بەرپانگشتیە هەلنەستێ . بۆیانە ئەمەو پیویستیشە لەسەرمان لەبە ئیمپریالیو بێ نرخیشی ناوبەرێن . . . .

سەربەستی جیابوونەوە ، ( داخوازیەکی رەهایە ـ واتە ئەم لا و ئەو لای بو نییە ـ تەنانەت ئەگەر هاتوو ئەو جیابوونەوەیە لەپێش سەرکەوتنی سوسیالیزمدا ـ لە هەزار حال . . لەیەک حالدا ئیمکانی وەدیهێنانیشی هەبێ ) . .

ئینجا ئەوەی لیرەدا جێی سەرنج و بایەخ پیدانە ئەوەیە ، کە لە کـــومەلی فرەچینی کوردستاندا . . نوینەری کام چین لە چینەکانی کومەل ، دەتـــوانێ سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بکاو بەرەو سەرکەوتنی تەواوی بەرێ . . . نوینـــەری ووردە بـــورژوا . . یان . . نوینەری چینی کریکارانی کوردستان ؟

میژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی دنیاو . . بزوتنەوەی گەلی خوشـــمان ئەوەیان ساغ کردوتەوە کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ، هیچ شـــورشێکی راستەقینە بە سەرکردایەتی ووردە بـــورژوا ، ناتوانێ سەرکەوتن وەدەســـت بێنێ . خو ئەگەر هاتوو لەحالەتیکا سەرکەوتنێکی وەدەست هێنا ، ســـەرکـــەوتنێکی نیوە چل و ناتەواو دەبێ . . .

ووردە بـــورژوای کوردستان . . سەرباری ئەوەی هەر خوی لە خویدا چینێکی ناچوون یەک و خوپەرست و خونەگرو راراو سات و سەودا کەرە بە چارەنووسی گەل و شورش ، لە رووی ئابووریشەوە چینێکی لاوازەوە پارچە پارچە کرانی کوردستانیش

ئەوەند ەی تر ی لاواز کرد ووە . . بە چەشنی نەتوانێ لەخەبات کـــرد نــــد ا ،
پشت بەخوی و بە ووزەو توانای لەبن نەهاتووی جەماوەری گەل ببەستێ . . بویـــە
بە ناچاری پەنا دەباتە بەر بــورژوای وولاتانی سەرمایەدار و ئیمپریالی و دەولەتـــە
چاوچنوکەکانی دەوروپشت . . . ئاشکرایە ، ئەوانیش هیچ کاتێ ئامادەنیـــن ،
تا سەروبی مەرج ، یارمەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بدەن ، چونکـــە
هیچ کاتێ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخو ، لەگەل نەخشەو پیلان و بەرژەوەندیـە-
کانی ئەواندا ناگونجی . . بویە لە کاتێکدا کە دەستی بەناو یارمەتیش دریـــژ
دەکەن . تەنها لە پیناوی ئەوەدایە مەسەلەی گەلی کوردستان بکەن بەوەرەقــەی
قومارو چون و کەی ویستیان بەکاری بینن و . . رێبەری بزوتنەوەکەش سەر لە نــوێ
بکەنەوە بەخوی . . . جگە لەوەش ، لە کوردستانێکی لەرووی ئابووریەوە دواکەو-
تووە ، وردە بــورژوا ناتوانێ ئالوگوری دیموکراسی و ئەرکەکانی شـــورشـــی
دیموکراسی جی بەجی بکا . . هەروەها ناتوانی کوسپی بنچینەیی بەردەم ئـەم
ئالوگورە ــ کە پەیوەندی سەرمایەدارییە ــ لابەری . . یان هەر دواخراوی ریگای
گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا ، بــورژوای کوردستان دەستە وەستـــان
دەکات لەبەردەم سەرکردایەتی کردنی شورش و لە هینانەدی ئـــــــــــامانجەکانی
ئامانجەکانی شورشی نیشتمانیدا . . .

بویە ، لە سەردەمی ئیمەداو لە کوردستانی ئیمەدا ، ئەو راستییـــە زور
چاک لای جەماوەر روون بوتەوە . . کە تاکە هیزێکی کومەلایەتی کە لــــەباری
میژوویی و پراکتیکییەوە لە توانای دایە ببیتە ئالا هەلگری چارەسەرکردنی هەمو
گیرکرفت و ئالوگورە دیموکراتیەکان . . کە لە توانایدایە ببیتە ئالا هەلگری چـارە
سەری یەکجارەکی گیروگرفتـەکانی زەحمەتکیشان و چەوساوانی تری کــومەلـــی

کوردستان ، ته‌نها کریکارانن ..

بێ گومان بلاوبوونه‌وه‌ی مارکسیزم ـ لینینیزم له زور شوین و ولاتانی دنیادا ، هه‌روه‌ها سه‌رکه‌وتنی چه‌ندین شورش له‌به‌ر روشنایی ئه‌م تیوریه شورشگیره‌دا و به سه‌رکردایه‌تی کریکارانی ئه‌و ولاتانه ، ئه‌وه‌نده‌ی تر رول و توانای سه‌نگی کریکاران و تیوریه شورشگیره‌که‌یانی لای جه‌ماوه‌ری زه‌حمه‌تکیشی کوردستان مه‌زن کردووه .

له ناو هه‌موو چینه‌کانی کومه‌لدا ، ته‌نها کریکارانن .. که له هه‌موو چینه‌کان زیاتر شورشگیرو خوراگرو ری‌بین و خونه‌ویست‌ترن ... ته‌نها کریکارانن که ده‌توانن له خه‌باتیکی دوورو دریژدا و له سه‌ر بنچینه‌ی هاوپه‌یمانیه‌تی ، کریکاران و جوتیاران و پشت به‌ستن به ووزه‌و توانای جه‌ماوه‌ری شورشگیری گه‌ل ، سه‌رکردایه‌تی بزوتنه‌وه‌که بکه‌ن و .. خه‌باتی هاوبه‌شیش له‌گه‌ل پولیتاریای ولاته داگیرکه‌ره‌کاندا .. دژی داگیرکه‌ره نه‌ته‌وه‌ییه ته‌سک بینه‌کانی کوردستان و .. دژی شوفینیزمی نه‌ته‌وه‌ی سه‌رده‌ست و ده‌سه‌لاتدار به‌ره‌و پیشه‌وه په‌ره پی بده‌ن . جگه له کریکاران ، هیچ چینیکی دی نه ده‌توانی سه‌رکردایه‌تی بزوتنه‌وه‌که بکات و به‌ره‌و سه‌رکه‌وتنی به‌ری ، نه ده‌شتوانی دوای سه‌رکه‌وتن ، سه‌ربه‌خویی کوردستان بپاریزی .

ئه‌نگلس .. له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی سه‌ربه‌خویی پولونیا وتوویه ( بو هاوکاری و ریک و پیکی نه‌ته‌وه‌کانی ئه‌وروپا ، سه‌ربه‌خویی پولونیا پیویسته .. ئه‌م سه‌ربه‌خوییه‌ش ته‌نها کریکارانی تازه پیگه‌یشتووی پولونیا ده‌توانن وه‌ده‌ستی بهینن ، پاش ئه‌وه‌ش ، ته‌نها ئه‌وانن که ده‌توانن ئه‌و سه‌ربه‌خوییه بپاریزن ) .

بۆیە کرێکارانی کوردستان ، بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ، ئەرک و لێپرسینەوەی مێژووییان لە ئەستۆدایە .. ئەرکی چوونە ناو بزوتنەوەکەوە .. بە مەبەستی رێکخستن و رابەرایەتی کردنی و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان ، کە خۆی لە خۆیدا مەرجێکی بنەرەتی یە بۆ کۆمەڵی کوردستان ، تا بتوانی گەشەکردنی ئاسایی و سروشتی خۆی بۆ پێشەوە بەری و رۆڵێکی کاریگەریش لە گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا ببینی .. هەروەها سەرەتایەکی پێویستیشە بۆ هاوکاری و یەکێتی و پێکهی نەتەوەکانی وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە .. بۆ پێکهاتنی یەکێتی ئنتێرناسیونالستی کرێکاران و .. بۆ پەرەپێدانی کۆمەک و هاریکاری هوشیارانەی ئەو نەتەوانە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیاندا . .

کرێکارانی کوردستان ، دەبێ بچنە ناو بزوتنەوەکەوەو دروشم و ئامانجە پێشکەوتنخوازەکانی بەرزکەنەوە ، گەلێ لەو وزەو توانا شۆڕشگێریە زۆرەی وەرگرن کە لەباریدایە . . . هەروا دەبێ بەو مەبەستەی بچنە ناویەوە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بگرنە دەستی خۆیان . . بۆ ئەوەی رێگای بەردەم بورژوا و هێزە راستڕەوو ئۆپورتونیستەکان چۆڵ نەبێ و نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان بازرگانی بە بزوتنەوەکە بکەن و بە رێگای چەوت و ناراستیدا بەرن . . دژی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان . . دژی یەکێتی و هاوخەباتی نێوان گەلی کوردستان و کرێکاران و گەلانی رزگاریخوازی ناوچەکەو دنیا . . . بۆ ئەوەی بزوتنەوەکە لە گۆشەگیری قوتاری بێ و گیانی دەمارگیری نەتەوەیی لەناو گەلی کوردستاندا هەڵتەکێندرێ و بزوتنەوەکە بجوڵەیەکی روون بێت لە رووساری

بزوتنەوەی سوسیالیستی جیهانی دا ... بو ئەوەی کریکارانی کوردستان لە دامینی رووداوەکان دا نەمیننەوەو دەستەوستان نەوەستن بەرامبەر بەو رووداو و ئالوگورانەی کە بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا دین . بو ئەوەی کریکارانی کوردستان ، لە هەموو چینەکانی تر باشترو کاراسانەتر ئالای رزگاری نیشتمانی بەرز کەنەوەو .. لە ژیر ئەو ئالایەشدا ، پەرە بە خەباتی چینایەتی خویان بدەن و بزوتنەوەکەس بەو ئاقارەدا بەرن کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کریکاران و باقی زەحمەتکیشان بکا .. هەروەها ئەو گەلك و قازانجانەش رابگەیەنن کە گەلی کوردستان لە یەکیتی و هاوخەباتی لەگەل کریکارانی وولاتانی دەسەلاتداراا دەستی دەکەوی ...

ویرای ئەمانەش ، ئەوەی لە کوردستانی ئیمەدا یارمەتیەکی گەورەی کریکاران دەدات بو گەشەپیدانی خەباتی چینایەتیان .. لە پیناوی بەجی گەیاندنی پەیامی میژوویی و پیروزی سەرشانیان ... ئەوەی گەشە بە ئایدیولوژیای کریکاران دەداو دەیچەسپینی ... ئەوەی هیزو توانایەکی زورتر دەدا بە کریکاران و بزوتنەوەکەشیان بە توندی بەرەو پیشەوە دەبا ... ئەوەی جەماوەر لە دەوری ئالای کریکاران کودەکاتەوەو جەماوەر وەدوای دروشمەکانیان دەدات و .. دەیان کات بە پیشرەو و وورەو توانای سەرکەوتنیان دەداتی .. ئەوەیە کە خەباتی خویان بە خەباتی جەماوەری شورشگیری کوردستانەوە ببەستنەوەو بەشداری مینانەی داخوازی و ئامانجەکانیان بکەن و .. داخوازیەکانیان بخەنە ناو بەرنامەی خویانەوەو خەباتی لە پیناویدا بکەن .. هەروەها مەسەلەی سەربەخویی کوردستان ، هەمیشە وەك بەشیك لە پاشەروژی شورش سەیر کەن .

ئێمە ، کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین ، نابێ بە جیاوازیخواز لە قەڵەم بدرێین .. چونکە ئێمە دژی جیاوازیخوازین و هەمیشە بە توندی بەرەنگاری دەبینەوە ... بە پێچەوانەوە ، ئێمە دەمانەوێ هەرچی زووترە ، لەگەڵ کرێکارانی هەموو نەتەوەکان و سەرجەم وڵاتانی تیردا یەک گرین .. سنوورەکان هەڵوەشێنینەوە ، بەڵام بە دڵنیاییەوە تەنها ئەوکاتە بەو یەکێتی و یەکگرتنە قایل دەبین کە لەسەر بناغەی سەربەستی و مافی یەکسانی تەواوو ئارەزوومەندانە بێت ... ئێمە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین ، لەبەر ئەوە نییە حەزمان لە پارچە پارچەبێ و لێک دابڕان و دوورکەوتنەوەی نەتەوەکان بێت .. حەزمان لە کێشانی سنووری تازەو ئەستوورتر بێ .. یان دامەزراندنی دەوڵەتی بچووک بچووکمان لا پەسەند بێت .. بە پێچەوانەوە ، ئێمە دەمانەوێ هەرچی زووترە وڵاتانی گەورە پەیدا ببن و لە یەکتری نزیک ببنەوەو لەوەش زیاتر تێکەڵی یەکتری ببن و ئەوەی پێی دەڵێن سنوور نەمێنێ ؛ بەڵام بە مەرجێ لەسەر بناغەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینەو ئینتەرناسیونالیستی ڕاستەقینە بێت .. کە دیارە ئەمەش بەبێ ئازادی جیابوونەوە ، ئیمکانی وەدیهاتنی نییە .. هەروەک لینین دەڵێ ( وەک چۆن مرۆڤایەتی ناتوانێ چینەکان هەڵوەشێنێتەوە ، تەنها لە ڕێی قۆناغێکی گواستنەوەوە ـ انتقالی ـ نەبێ .. کە ئەویش قۆناخی دیکتاتۆریەتی چینی چەوساوەیە .. ئاواش ناتوانین بەیەک گرتن و تێکەڵاوبوونی حەتمی نەتەوەکان بگەین . تەنها لە ڕێی قۆناخێکی گواستنەوەوە نەبێ .. کە ئەویش قۆناخی ڕزگاربوونی تەواوی هەموو نەتەوە چەوساوەکان .. واتە لە ڕێی قۆناخێکەوە کە هەموو نەتەوەکان مافی سەربەستی جیابوونەوەیان هەبێ .. ) .....

ئاوا ، ئیمه به هیچ جوری ، سەربەخویی کوردستان .. به لیکدابڕان و دوورکەوتنەوە نازانین ... به پیچەوانەوە ، بەلکو چ بە نیسبەت کریکارانی کوردستان و چ بە نیسبەت کریکارانی وولاتانی دەسەلاتدارێشەوە .. بەهەنگاوی یەکەم و مەرجی پیویست دادەنرێ بو پتەوکردنی یەکیتی و هاوخەباتی و هاوپەیمانی کریکاران .. هەروەها بو پیکهاتنی یەکیتی دروستی نیوان هەموو نەتەوەکانی روژهەلاتی ناوەراست .

بەلام ، ئەمە ئەوە ناگەیەنی ، کە ئیمە لە هەموو کاتیکا و بی مەرج ، لەگەل ئەو سەربەخوییەدا بین .. چونکە ئیمە ، هیچ کاتی سەربەخویی کوردستان لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی بورژوای کوردستانەوە سەیر ناکەین .. بەلکو تەنها لە روانگەی بەرژەوەندی گشتی پرولیتاریاوە ... ئیمە لە پیش هەموو شتیکەوە سەیری بەرژەوەندی کریکاران دەکەین و بروای تەواومان بەوەیە کە تەنها بەرژەوەندی چینایەتی یە کە لە کوتاییدا بریار لەسەر سەربەخویی .. یان هەر شتیکی دیکە بەدا بو کوردستان ... ئیمە هەموو کاتی ، چ لەم مەسەلەیەدا و چ لە هەر مەسەلەیەکی تردا . بەرژەوەندی یەکیتی هەموو کریکاران دەخەینە سەروی هەر ئیعتیباریکی ترەوەو .. هەر لەبەر روشنایی خەباتی چینی کریکارانیشدا یە کە سەیری خەباتی گەلی کوردستان و سەربەخویی کوردستان دەکەین .

ئەوەش کە لەم روژگارەی ئیمرودا ، دەمان گەیەنیتە ئەو رایەی .. کە سەربەخویی کوردستان بەکاریکی پیویست و چارەسەریکی دروست بزانین .. لەوەوەیە کە سەربەخویی کوردستان ، بە قازانجی بەرەی دژی ئیمپریالیزم و مەسەلەی دیموکراسی و سوسیالیزم لە روژهەلاتی ناوەراستدا تەواو دەبی ..

لەوەوەیە کە سەربەخۆیی کوردستان ، چەند سوود و قازانجی کـــریکـــارانـــی تیدایە . . ئەوەندەش هی کریکارانی وولاتانی داگیرکەرو سەرجەم وولاتـــانـــی رۆژهەلاتی ناوەراست . . . چونکە تا کوردستان . وولاتیکی ژیر دەستە بـــی ، سامانی سەرخاك و ژیر خاکی . : رووباریکی گەورە دەبی بو پرکردنـــــــی کەنداوی گیرفان و ئیمکانیاتی بـــورژوای نەتەوە زوردارەکان . . هەروەهـــــا سەرچاوەیەکی ئاسانی دەستی کاری هەرزانن . . بازاریکی بی گـــــومرگـــی ساغ کردنەوەی کالا و کەلوپەلی بـــورژوای کونەپەرستی ئەو دەولەتانە دەبـــی . بیگومان لەو حالەتەشدا بـــورژوای دەسەلاتداری ئەو نەتەوانە زیاتر بـــبـــالا دەست و بە هیزو زالتر دەبن بەسەر کریکاران و جەماوەری زەحمەتکیشی نـــاو وولاتەکانی خویان دا ئەوەتا مارکس دەلی . ( بـــورژوای کونەپەرست ، بەدەست بەسەراگرتنی گەلانی تردا بە هیزدەبی ) . . .

لەبەر ئەوە ؛ بە دلنیاییەوە سەربەخویی کوردستان . . خوین هینەریکـــی گەورەی دلی بـــورژوای کونەپەرست و بالادەستی ئەو وولاتانە دەپچرینـــی و هیزو دەسەلاتیان لە بەرامبەر کریکاران و باقی زەحمەتکیشانی ناوخودا کـــەم دەکاتەوە . . . گومانیش لەوەدا نـــیە لەم حالەتەدا ـ واتە دوای سەربەخو یی کوردستان ــ دوخی لەبارتر بو سەرکەوتنی کریکاران و دامەزرانـــدنـــی دەسەلاتی کریکاران لە هەر کام لەو وولاتانەدا دیتە کایـــەوە . . .

کە ئەمە دەلیین ، مەبەستمان ئەوە نییە کە تا کوردستان سەربەخو نـــەبی . . کریکارانی وولاتانی داگیرکەر ناتوانن دەسەلاتی خویان دامەزرینن . ئیمـــە شتەکان بەیەك لایەنی نابینین ، بەلکو دەروانینە هەردوو لای مەســـەلـــەکـــە ،

دەلویٚ سەربەخویی کوردستان پیش دامەزراندنی دەسەلاتی کریکارانی ئەو وولاتانە کەوی و.. دەشبیٚ ، سەربەخویی کوردستان دوا کەوی .. ئەمە زیاتر وەستاوەتە سەر کەشەکردنی ناکوکیەکان و ئالوگوری بارودوخی ناوخو و هاتنە پیشەوەی بارودوخی دەرەکی لەبار، جا بو هەر کامیکیان بی .. هەردووکیان لە گوینن .. هەر کامیکیشیان پیش کەوی ، راستەوخو کاردەکاتە سەر ئەوی تریان و گەلکی گەورەی پی دەگەیەنی .. چونکە نکولی لەوە ناکری کە پەیوەندیەکی نوند و تول و پتەو لە نیوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و لە نیوان بزوتنەوەی چینی کریکارانی ئەو وولاتانەدا هەیەو .. هەردووکیان کاری قول لە یەکتری دەکەن .. واتە پەیوەندیەکی ئورگانی چارەنووسی گەلی کوردستان و کریکارانی ئەو وولاتانە بەیەکەوە گری دەدا.. ئەوەشکە زیاتر قازانج بەو پەیوەندیە دەگەیەنی و مەرجی بنچینەیشە لەم بوارەدا.. بوونی حزبی کریکارانی کوردستانە .. سەربارای بوونی حزبیکی کریکاران لە هەرکامیکیانم لەو وولاتانەدا ... لە هەردوو حالەتدا ، چ لەکاتیکا سەربەخویی کوردستان پیش دەکەوی و چ لەو کاتەشا دوا دەکەوی .. حزبی کریکارانی کوردستان پیویستە..

لە کاتیکا ؛ سەربەخویی کوردستان پیش دەکەوی و کریکاران لە ریگای حزبی خویانەوە دەسەلاتیان لە دەستدایە .. ئەو کاتە کوردستان دەبیتە قەلایەکی قایم و پالپشتیکی بەهیز بو بزوتنەوەی کریکارانی ئەو وولاتانەو دامەزراندنی سستەمی سوسیالستی تیایانا ئاسانتر دەبی .. بەلام لەم حالەتەدا ئەگەر کریکارانی کوردستان حزبی سەربەخوی خویان نەبی ، ئەوا دەسەلاتی کوردستانی ئازاد، دەکەویتە دەستی بورژوازی .. بیکوماں بورژوای کوردستان .. هەروەها دەولەتە ئیمپریالی و کونەپەرستەکانیش..

کە دەستیان لە ناو کوردستانا دەبێ .. نەک هەر ئامادە نین لێگەڕێن کوردستان ببێتە سەنگەرو پاڵپشتی بزووتنەوەی کرێکارانی ئەو وڵاتانە .. بەڵکو چەندی بۆیان بکرێ لە دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کرێکاران و لە لەبارببردنی بارودۆخی شۆڕشگێرانەی ناو ئەو وڵاتانەدا بەکاری دێنن .. چونکە هیچ کاتێ دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران لە هەریەکێ لەو وڵاتانەدا ، نە خزمەتی بۆرژوای خاوەن دەسەڵاتی کوردستان و نە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوچەکەش دەکا ....

لە حالەتێکیشا کە دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالستی لەو وڵاتانەدا پێش دەکەوێ ؛ ئەوا سەربەخۆیی کوردستان ئاسایی و سروشتی دەبێ .. بەلام لەم حالەتەشدا حزبی کرێکارانی کوردستان هەر پێویستە .. بە مەرجی لە هەردوو حالەتەکەدا . پەیوەندیەکی توند و تۆڵ ؛ لەسەر بناغەی یەکسانی و ئەنتەرناسیونالیستی ؛ کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی ئەو وڵاتانە بەیەکەوە ببەستێتەوە ...

هەر لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی کرێکاران لەو وڵاتانەدا بە توندی دەچێتە پێشەوە .. بوونی حزبی کرێکارانی کوردستان ، نەک هەر نابێتە هۆی لەتکردن و لاوازکردنی بزووتنەوەکە ( وەک هەندێ رای دەگەیەنن ) بە پێچەوانەوە ، بەڵکو بزووتنەوەکە دەبێ بە خاوەنی ئیمکانیات و توانایەکی زیاتر .. چونکە لەو کاتەدا کە کرێکارانی کوردستان ، رابەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەیان دەکەن .. تەنها وەک کرێکاران هاوکاری و کۆمەکی دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران ناکەن لەو وڵاتانەدا .. بەڵکو وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ، هەروەها چاکتر دەتوانن بزووتنەوەی گەلەکەیان بکەن بە بەشێکی کاریگەرو

تەواوکەری بزوتنەوەی کریکارانی ئەو وولاتانە ... لەبری ئەوەی چەند هەزار کریکاریکی کوردستان ( لە حالەتیکا حزبی سەربەخوی خویان نەبی و لەو حزبە کریکاریانەدا ئەندام بن کە لەو وولاتانەدا هەن ) بەشداری بزوتنەوەی کریکارانی ناو ئەو وولاتانە بکەن .. ئەو کاتە چەند ملیونیک لە خەلکی کوردستان .. هاوکاری بەرەو پیشەوەبردنی بزوتنەوەکەو دامەزراندنی دەسەلاتی کریکاران دەکەن بەم جەشنە زەخمیکی گەورەتر دەدری بە بزوتنەوەی کریکاران و .. دامەزراندنی دەسەلاتی کریکاران ئاسانترو خیراتر ئەنجام دەدری .

هەر لەبەر روشنایی ئەم چەند راستیەدا ، بەدلنیاییەوە دەلیین .. کە بەشداری کردنی کریکارانی کوردستان ، لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا .. لە پیناوی سەربەخویی کوردستاندا ، لە قوناخی ئیمروی خەباتی کریکاراندا ، بیرچوونەوەی خەباتی چینایەتی نی یە .. هەروەها پشتگیری و پشتیوانی کردنی گیانی بەملرگیری نەتەوەیی بورژوای کوردستان نی یە .. بەلکو بینینی وورد و قولی کریکارانە .. بو ریبازی گەشەکردن و خەباتی چینایەتی و .. زیاتر رەگ داکوتانی بیروباوەری کریکارانە لەناو جەماوەری زەحمەتکیش و چەوساوەی کوردستاندا ... رفوانینی مارکسی - لینینیانەی کریکارانی کوردستانە .. لە مەسەلە چینایەتیەکانەوە بو مەسەلەی نیشتمانی و هەر مەسەلەیەکی تر ...

هەروەها ، پشتیوانی و پشتگیری کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش لە پیناوی سەرکەوتن و بەدیهینانی ئامانجەکانیدا ، لەلایەن کریکارانی ئەو وولاتانەوە .. تەنها لە وەوە نی یە کە مەسەلەیەکی رەوایە . یان هەستیکی مروفایەتی یە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و هیچی تر .. بەلکو

هەم وەک ئەرکێکی ئینتەرناسیونالیستی و هەم وەک ڕێگا تەختکردنێکیش بە لە بەردەم ڕزگاری خۆیاندا .

لێرەوە جارێکی تر تەئکید ئەکەینەوە سەر ئەوەی کە بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕزگاری نیشتمانی ؛ هاوشان لەگەڵ گەشەپێدانی خەباتی چینایەتیدا و؛ توانستی دەست بەسەرا گرتن و ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەکە لەلایەن کرێکارانی کوردستانەوە .. سەرکەوتنە بۆ سیاسەتی پرولیتاریا و بیروباوەری مارکسیزم - لینینیزم .. بەرامبەر بە گەشەکردنی بابەتیانەی کۆمەڵی کوردستان و بەرەو پێشەوەبردنی بزوتنەوەکە ؛ لەسەر بنچینەیەکی چینایەتی و بەکارهێنانی لە خزمەتی کرێکاراندا و لە پێناوی دامەزراندنی سۆسیالیزمدا .. بە واتایەکی دیکە کردنی بزوتنەوەکە بە هۆیەکی گرنگ بۆ سەرخستنی مارکسیزم - لینینیزم و .. دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران لە کوردستاندا ( کە هەر خۆی لە خۆیدا ؛ سوودی کرێکارانی وولاتانی دەسەڵاتدارو تێکڕای وولاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا ڕەنگ دەداتەوە ) نەک کردنی مارکسیزم - لینینیزم .. بە تەنها پردە بازێک بۆ پەڕینەوەو سەرخستنی بزوتنەوەکە .. یان داتی مەودایەکی ( بعد ) نەتەوایەتی بە شۆڕشی کوردستان ؛ وەک خەڵکە ناسیونالیستەکان دەیانەوێ .. *

---

* ناسیونالیستەکانیش گیل نین .. دەرس لە ڕابردوو وەردەگرن ←



هەواڵنامەی کتێب

ئەم چەند راستییەی سەرەوەش ، چەپکە تیشکێکی تر دەخەنە سەر رووبارە گرنگی ئەو راستییەی کە بوونی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان ، مەسەلەیەکی لە رادە بەدەر پێویست و بایەخدارە . .

نەبوونی رێکخستنێکی بە هێزو سەربەخۆی خاوەن بەرنامەو ستراتیژی پێویست و لە دایک بووی بارو دۆخو پەیداویستیەکانی گۆران و گەشەکردنی باری کرێکاران و کۆمەڵی کوردستان . . بە نیسبەت کرێکارانەوە ، لە دەستدانی ئەو رۆڵە مێژوویی یە یە کە لە ئەستۆیاندایە . . لە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکەو لە وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دا . . کە ئەمەیان ئامانجی هەر حزبێکی کرێکاری یە لە جیهان دا . . ئەوەتا مارکس دەڵی ( بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکاران ، هەوڵی دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەدات بۆ خۆی شتێکی سروشتیشە کە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە . . چینی کرێکاران ، پێشتر رێکخستنی خۆیان هەبێ ) .

کرێکارانی کوردستان ، تەنها ئەو کاتەی کە خۆیان لە حزبێکی سەربەخۆی

---

* دەرس لەو شکستە یەک لە دوای یەکانە وەرناگرن کە بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا هاتووە . . بۆیە بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر مارکسیزم ـ لینینیزم و بە خەستی بەرەوەی خۆیانی پێ بۆیاخ دەکەن . . بەڵام بێ ئەوەی ناوەرۆکە ناسیونالستیەکەیان لە دەست دەن . گەورەترین مەبەستێکیش لەمەدا هەیان بێ لە خلەتاندنی کرێکاران و دەست بەسەرا گرتنی بزوتنەوەکە بەولاوە هیچی دی نیە .



هەوارنامەی کتێب

کوردستانیدا ڕێک دەخەن ، دەبێ بەو هێزە پێشڕەو و دەسەڵاتدارە بەتوانایەی کە بتوانن باڵادەستی خۆیان بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنن و بێن بەوەی کە هەموو لایەنەکان وەک هێزێکی دەسەڵاتدار و گەورە حسابی تایبەتیان بۆ بکەن .

هەموو ئەو بۆچوونە جیا جیایانەن کە دژی بوونی ڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکارانی کوردستانن و .. بەشداربوونی کرێکارانی کوردستانیش لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا ، بە دەمارگیری نەتەوەیی لێک دەدەنەوە .. بۆچوونی ناڕاست و ناواقیعیانەن و .. دژی گیانی زیندووی مارکسیزم ـ لینینیزمن .

بۆچوونێکن ، پێداویستییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان بە کرێکارانیشەوە .. هەروەها شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ بارودۆخی دیاریکراو ، لەبەرچاو ناگرن .

بۆچوونێکن ، نکۆڵی لە بوونی چینی جیاواز و ناکۆکی چینایەتی و .. لە بوونی بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیای جیاو دژ بەیەکی چینەکانی ناو کۆمەڵی فرەچینی کوردستان دەکەن .

بۆچوونێکن ، خزمەتی بۆرژوا و ئایدیۆلۆژیای چینی بۆرژوا دەکەن و لە خزمەتی شۆڤینیزمی دەولەتە داگیرکەرەکان و دەمارگیری نەتەوەیی نیساو کوردستاندان و .. دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و باقی زەحمەتکێشانی کوردستانن و .. دژی یەکێتی و هاوخەباتی کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی تری وڵاتانی دەوروپشت و جیهانن .

هەرزانەی کتێب

.. هەموو ئەو بوچوونە ناراستە جیا جیانە لەوەدا یەك دەگرنەوە ، كە بەدیانەوی نوینەرانی كریكاران و رەنجدەرانی كوردستان .. لە هافی چالاكی سیاسی و ریكخراوەیی خویان بی بەشكەن و .. ئەوە سلفەتەنها بو نوینەرانی بورژوای كوردستان زەوت كەن .. كە دەیانەوی كریكارانی كوردستان لە چەكی بەكاری ئایدیولوژی و ریكخراوەیی خویان داماڵن و سەر بە كریكاران و بە بزوتنەوەكەش دانەوینن بو دەسەلات و ئارەزووی بورژوای ئاراستە كردنی بزوتنەوەكە بەو ریبازە چەوت و ناراستەدا ، كە بەرژەوەندیەكانی بورژوای دەولەتە داگیر كەرو دەرەبەگ و بورژوا كونەپەرستەكانی ناوخو بپاریزی .. كە دەیانەوی خویان لە ئاستی بوچوون و تیروانینی ماركسی ـ لینینیانە گیل كەن لە سەیركردن و شیكردنەوەی قوناخی ئیمروی گەشەكردنی كومەلی كوردستان و پیداویستیەكانی گەشەكردنی بزوتنەوەی كریكاران و .. بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستان ...

بەلام كریكارانی كوردستان ، دلنیان لەوەی كە ئەلرەزووەهەلویستی سیاسی و فیكری چەند كەس و تاقمیك . ناتوانی جی بەواقعی بابەتی لیژ نات و شوینی بگریتەوە .

كریكارانی كوردستان ، دلنیان لەوەی كە ماركسیزم ـ لینینیزم ، لەسەر هەموو ئاستەكانی ئایدیولوژی و سیاسی و ریكخراوەیی ، هەموو بوچوون و بیروباوەرە شوفینیست و نەتەوەییە تەسك بینەكان دەمارگیرەكان دەبەزینی و .. دەسەلاتی تەواوی خویان بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستان بە جی دەهینن .

هەر ئەو حزبەش ، حزبی کرێکارانی کوردستان ، حزبی پێشرەوی کرێکاران و جوتیاران و رەنجدەرانی تری کوردستان تاکە هێزێک و گەورەترین و گرنگترین هێز دەبێ ، لە هەموو سەرکەوتنەکانی چینی کرێکار و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی لەسەر دەوەستێ و ...

هەر ئەو حزبەش . حزبی کرێکارانی کوردستان ، کۆمەڵی کوردستان بەرەو سەردەمێکی نوێ .. سەردەمی رزگاری و سەربەخۆیی .. سەردەمی سوسیالیزم دەبات .....

حوزەیرانی / ١٩٨١
شینی

هەواڵنامەی کتێب

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە سوودیان لێ وەرگیراوە بریتین لە /

١- البیان الشیوعی . ماركس - انجلس

٢- الشیوعیە العلمیە . وەرگێڕانی د. فواد ایوب

٣- لینین - المختارات (٥٠١)

٤- القضیە الكردیە فی العراق . ماجد عبدالرضا

٥- هەندێ بڵاوكراوەی جیا جیاش .

هەواڵنامەی کتێب

نیاز وابوو لەگەڵ ئەم بابەتەدا ، بابەتێكی تریش لەسەر - مەسەلەی سەربەخۆیی كوردستان - چاپ بكرێ .. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی فریا نەكەوت ، بەو هیوایەی لە دەرفەتێكی تردا بە چاپ بگەیەنرێ .

چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ
کوردستانی عیراق

Kurdiska folketsförbund